**ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی دووەمی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

**ئامادەکردنی عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.**




بە ناوی یەزدانی مەزن

بە ناوی کورد و کوردستان و خەبات لە پێناو دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان.

## دەستپێکی ڕاپۆرت

هاوڵاتیانی وڵاتداگیرکراو

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان، پیاوانی خیرەتمەندی کورد، ژنانی زەحمەتکێش و ماندوو خەمخۆری کوردستانە داگیرکراوەکەمان.

کوران و کیژانی لاو و هیواو ئارەزوو تێکدراو.

چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستانی وڵاتداگیرکراو!

سڵاوتان لێبێت

ئەمرۆ کە یەکەم رۆژی دەستبەکار بوونی کۆنگرەکەمانە، هاوکاتە لەگەڵ رۆژی ڤالانتاین واتە رۆژی ئاشقان، بەو بۆنەوە پیرۆزبایی ئاراستەی گشت عاشقانی کوردستان و جیهان دەکەم.

راپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان لە نێوان کۆنگرەی یەک تا کۆنگرەی دووەم، واتە لە نێوان ١٥/ ١١/ ٢٠٠٩ تا ١٤/٢/ ٢٠١٣ - دەبێتە ٣ ساڵ و ٢ مانگ و ٢٩ رۆژی تەواو، کە بە سەر کۆنگرەی یەکەمدا تێدەپەڕێت، بە شێوەی خوارەوە پێشکەشتان دەکەم.

لە ماوەی نێوان ئەم ٢ کۆنگرەدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە جیهان و کوردستاندا ڕوویداوە کە بە پێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر هیندێک لەو ڕووداوانە، بە تایبەت ئەوەی کە پێوەندی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆی بە کوردەوە هەیە. هاوکات بۆچوون و پێشبینیەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانی لە سەر دەر دەبرین.

پارتی سەربەستیی کوردستان لە سەردەمێکدا هاتە دامەزراندن کە گۆڕانکارییەکانی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی ناڤین لە شەپۆلداندا بوون. ٤ ساڵ پێش دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان دیتمان کە هێزەکانی ئەمریکاوهاوپەیمانیان ڕێژیمی دواکەوتووی ئەفغانستانیان تێکدا. سالێک بە سەر ئازادی خاکی ئەفغانستاندا تێنەپەڕی بوو کە گەورەترین ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕۆژهەلاتی ناڤین و قاتڵ و بکوژی گەلی کورد، واتە ڕێژیمی بەعسی ئێراقەوە لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی ڕووخا.
هاولاتیانی بەڕێز کوردستانیانی هێژا: هەزارەی سێیەم کە هەڵگری چەندین گۆڕانکاری و قەیرانی جیاواز بوو، گەلی کوردیش وەک زۆربەی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناڤین بەشێک بوون لە مۆرە بەرچاوەکانی ئەم گۆڕانکارییانەی جیهان، لە سەرەوەی هەموویان ڕوخانی ڕێژیمی بەعس. لەو کاتانەدا زۆر جینایەت کە ئەو ڕێژیمە بە سەر گەلی کوردیداهێنابوو، لەمەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی لە ئاست بەشی زۆری ولاتانی جیهاندا شارابوونەوە، بەلام لە پاش نەمانی ئەو ڕێژیمە و دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و زۆر بەڵگەو دۆکۆمێنتی دیکە، زوڵم و زوری داگیرکەران بەسەر گەلی کورددازیاتر بۆ خەڵکی جیهان ناسران.

**ڕێژیمی کۆمار ئیسلامی ئێران، و پیلانەکانی، سیاسەتی نێۆنەتەوەیی.**
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک ڕژیمەکانی پێشووتری ئێران، یەکێکە لەو ڕێژیمە داگیرکەرانەی بەشێکی زۆرە لەخاکی کوردستانی مەزن. کە ئەم ڕژیمە فاشیستانە بە درێژایی مێژو گەلی کوردیان چەوساندوەتەوە، تا ئیستاش بەردەوام دەستیان لە کوشتن و بەندکردن و ماڵوێرانی ودەربەدەرکردنی خەڵک هەڵنەگرتووە. سەرەڕای هەموو جۆرە سانسۆڕ وکوشتن و بەندکردنی ئازادیخوازان، ئەو ڕێژیمە هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەنفالی سپییەوە لاوانی کوردستان لەبەین ببات، بەکوشتنی مێشک و هزریان، لە ڕێگەی پیاوانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا لە شارە کورد نشینەکاندا مادە تێکدەر و بێهۆشکەرەکان بڵاو دەکرێنەوە، و بە پێچەوانەی تەواوی جیهان لە کوردستانی بندەستی ئێراندا مەوادی موخەدر بە نرخێکی زۆر هەرزان و بە ئاسانی دەست دەکەوێت و بڵاو دەکرێتەوە. پیاوانی سەر بە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕیژیم کە لە سەرەوەی هەموویان دەزگای زانیاری ( ئیتلاعات) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە داپلۆساندنی کەسایەتییە چالاک و سیاسییەکان.

ئەو ڕێژیمەی کە ٤ڕۆژ پێش بەستنی کۆنگرەکەمان ٣٤ ساڵ لە تەمەن و کارنەمەی پڕ لە شەرم و دیکتاتۆری خۆی پڕکردەوە. لە پاش ئەم ٣٤ساڵە و هەزاران کردەوەی نامرۆڤانە، ئیستا دەنگە ناڕەزاییەکانی ناوخۆی ئێران و گەلانی بندەستی ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. هەروەها بێزاری پێوەندییەکانی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئێران زۆر بەرەو لاوازی دەروات وبەردەوام پێوەندییەکانی ئێران و زۆربەی وڵاتان کەمدەیێتەوە. هەر لە ڕاپەرینەکانی پاش ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی ئێران، کە لە لایەن بزووتنەوەی سەوزەوە ڕێکخرابوو، بووە هۆکاری ئەوەی کە دەیان لە دیپلوماتانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، واز لە کارکردن بۆ ئەو ڕێژیمە بێنن، و داوای پەنابەری لە وڵاتانی ئوروپایی بکەن. هەر لە ئاکامی ئەو ڕاپەرینانەشدا زۆر نهێنی و شاراوەی ئاستی دەسەڵاتی باڵای ڕێژیم بە دەستی کەسانی بە گلێێ خۆیان ئاشکراکران، و شەرمەزاری سیاسی، و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ زیاتر بۆجیهان ڕوونبوونەوە.

کێشەو ناوکۆکی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیمیش زیاتر پەرەی سەندووە، ئەوەش هۆکاری زۆری ڕوخانی کۆڵەکەی ئاخوندیەتی ویلایەتی فەقێیە.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان. هەرچەند لە کاتی خۆیدا لە باری ئاکامی هەڵبژاردن و ڕاپەینەکانی بزووتنەوەی سەوزدا هەڵویست و سیاستی دروستمان هەبوو، ئەوەش بە درێژی لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی یەکەمدا باسی لێوەکرا، هاوکات پێمانوایە کە ئەم ڕێژیمە بەڵگەی دیکەی بە دەستەوە نەماوە کە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کە چەند مانگێکی ماوە خەڵکی پێ بێنێتە سەر سندوقی دەنگانەوە، بۆیە مەرگی سیاسی و ناوخۆیی ئەم ڕێژیمە ئازادیکوژە نزیک بووەتەوە. وەک دەبینین کە ئیستا تەنیا وەسیلەیەک بە دەستییەوەیەتی ئەویش ئەوەیە کە بە بڵاوکردنەوەی پارە لە ژێر ناوی جۆراو جۆرو بە بەسیج کردنی لاوانی بێکارو وشێوەی دیکە دەیەوێ خەڵک ڕازیکاتەوە. لە لای دیکەشەوە مەترسی لە دەستدانی دەسەڵاتی بەعسی بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا بووتە خەمێکی زۆر بۆ ئەم ڕێژیمە، بە ملیارد دولار لە پارەی گەلانی بندەست بۆ مانەوەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی سوریا تەرخان دەکات. دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە باش دەزانن رووخانی سوریا یانی زیاد لە نیوەی ئاسانکاریە بۆ ڕووخانی سیستەم و ڕێژیمەکەی خۆیان.
بەڵام هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد کە دەنگە ناڕەزاییەکان زۆر لەوە زیاتر و گەورەترن. بە دڵنیاییەوە لە پاش ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەی دیکە کێشەکان زیاترو ئاڵۆزتر دەبن.ئەگەر لایەنە سیاسیە کوردستانیە کان یەکدەنگ لەو بوارەدا کار بکەن، گەلی کورد دەتوانێ وەزعەکە بەرەو لای ئاقارێکی گونجاو، بۆ کورد ڕاکێشێت، وەک ئیستای باشور و ڕۆژ ئاوای کوردستان.

**بۆ دەبێت خەبات بکەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

کوردستانیانی هێژا، ڕۆڵەکانی چاوەڕوانی سەربەستی و سەربەخۆیی یەکجاری خاکی کوردستان.
ئێمەی کورد کە یەکێکین لەگەورەترین نەتەوەکانی ئەم جیهانە و بەڵام تائێستاش خاوەنی کیان و دەوڵەت وسەربەخۆیی خۆمان نین، دەبێ

هەمیشە بپرسین بۆ؟ بۆ نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی سەربەخۆیی خۆمان؟ نەتەوەی ئێمەی کورد لەهێچ شۆێنێکێ دیکەوە نەهاتووین وخاکی گەلێکی دیکەمان داگیر نەکردوە، بەڵگە مێژوەیەکان دەیسەلمێنن کە گەلی کورد خاوەنی فەرهەنگێکی لە مێژینەو خەباتێکی بێپسان و دورو درێژو خوێناوییە، و هەزاران ساڵە لەو نێشتمانە پڕ پیت ودەوڵەمەنەدە دەژی کەناوی کوردستانە، کۆڵنەدەرانە و بێوچان هەردەم بۆ پاراستنی زمان و کولتورو ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی کە لە لایەن داگیر کەرانەوە هەوڵی لە ناو بردن وسڕینەوەی دراوە خەباتی کردوە، بۆ گەیشتن بەکاروانی شارستانیەتی جیهانی و ژیانێکی سەربەست وئازاد. بێجگە لەوەی کە دەبینین بە خۆشیەوە نیمچە سەربەخۆییەک کە هیوای مەزنتری بە شۆێندایە لە باشوری کوردستان هەیە، خاوەنی سەرۆک وسەرۆکوەزیر وسەرۆک پەرلەمانی کوردستانمان هەیە. دەنا گشت بەشەکانی کوردستان تا ئیستاش لە ژێر ستەمی داگیرکەراندا دەناڵێنن. کەوابێت سەروەت وسامان و ئابوریەدەستبەسەرگیراوەکەی کوردستانمان، مێژووەکەی، فەرهەنگەکەی، ناسراویەکەی لە ئاست مێژوویی جیهاندا باشترین بەڵگەیە بۆ خەباتکردن لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان. ئەو کۆسپانەی بە هۆی ئابوری وڵاتانی داگیرکەر بۆ ڕێگرترن لە پشتیوانی نەکردنی وڵاتانی جیهان لە سەر سەربەخۆیی کوردستان، بە یەکگرتوویی بەسیاسەتی ژیرانەدەتوانرێت کاریگەری باشی هەبێت لە سەر کۆکردنەوەی پشتیوانی نێو نەتەوەیی. پێویستە لە هەنگاوی یەکەم پەروەردەی نەتەوەیی هەر لە باخچەی مناڵانەوە تا گشت شۆێنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەمان دەستپێبکات. لە ڕێگەی میدیاو ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا خەڵکی بۆ هۆشیارکرێتەوە. خەبات لە پێناو کوردستانێکی دیمۆکرات و سەربەخۆ بکرێت ستراتیژی هەموو حیزب و لایەنێکی سیاسی و کولتوری کوردستانی.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەربەرەکانی و خەبات بووە، هەمیشە لە پێناو بە دەست هێنانی مافەڕەواکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی پێشووی

پاشایەتی ئێران و ڕێژیمی ئیستای کۆماری ئیسلامی ئێران بەر بەرەکانی کردوە، بە دەیان هەزار ڕۆڵەی تیکۆشەری کردوەتە قوربانی خەبات لە پێناو ئازادی وسەربەستیدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای دەیان خەبات وجوڵانەوەی نیشتمان پەروەرانە لە ماکۆوە تا ئەیوان، لە هەموویان گرنگتر کە بۆ یەکەم جار دەوڵەتی کوردی لە کوردستان لەو بەشەدا دروستکراوە، کە ناوی کۆماری کوردستان بووە، کە بە ڕاستی بە بەشداری جەنەڕال مەلا موستەفای بارزانی و تێکۆشەرانی دیکەی باشوری کوردستان وبەشەکانی دیکەی کوردستان بە کردەوە سەلماندوویەتی کە کۆماری گشتی کوردستان بووە، بە پێچەوانەی هیندێک بە ناو مێژوو نووسی فارس و کورد کە مخابن هیندێکیش لەوانەی کە چالاکی سیاسییان هەیە بە مەبەستی بچووک کردنەوەی ئەو دەستکەوتە مەزنە بەکۆماری خودموختار یا کۆماری مهاباد ناو دیری دەکەن، کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، کە ئەمڕۆ بووەتە مێژوویەکی پڕلە شانازی هەموو کوردستان، یەکێکە لەخەباتە نەتەوەییەکانی هەموو کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو.

کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو!

ئەو مافە ڕەوایەی ئێمە وەک نەتەوەییەکی سەرەوەی ٥٠ ملۆێنی کە سەربەخۆیی یەکجارییە، بە پڕوپاگەندەی نەیارانمان و خۆشکەکردنی پڕوپاگەندەکەش لە لایەن هیندێک حیزب و لایەنی کوردییەوە، وایلێکردووین کە بە ترس و دڵەراوکێ باس لە سەربەخۆیی کوردستان بکەینەوە. خەبات بۆ سەربەخۆیی مافێکی ڕەوا و دروستی هەر نەتەوەیەکی بندەستە، بە تایبەت نەتەوەی ئێمەی کورد کە لە درێژایی مێژودا و بە ئەزمونی گۆڕانی چەند شێوە دەوڵەتیکی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا هەمیشە هەر مافەکانمان پێشێلکراوە، هۆکارەکانیشی ئەوە بووە کە لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی زەمینەی دروستبوونی دەوڵەت و سەربەخۆیی بۆ زۆر نەتەوەیی بندەست ساز بووە، بەڵام گەلی کورد وێرای پلانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتیش، یەک نەبوون و نایەکگرتویی وای لێکردن کە لەو ئەزموونەشدا بە جێ بمێنین! مخابن وا نزیک بە ٦٦ ساڵ

بە سەر ئەو مێژووەدا دەڕوات کە چی پارتە کوردستانیەکان ئیستاش هەرهەل ومەرج بەگونجاو نازانن و هەر خەریکی ئاوەدانکردنەوەی پێتەختی ولاتانی داگیرکەرمانن لە ژێر ناوی ئازادی و دیمۆکراسی.
سەرەرای ئەو هەموو ئەزموونە مێژوویانە لەوە فێر نەبووین کە هەرگیز کەس هیچ نەتەوەیەکی داگیرکەر بە ویستی ئێمە نابێتە دیمۆکرات و ئازادیخواز، ئێمە دەبێت ئەو هەوڵە بۆ نەتەوەو خەڵکی خۆمان بدەین، هەرگیز هیچ نەتەوەیەکی داگیرکەر ڕێگەمان نادەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. دەبێت ئێمەی کورد بۆ خۆمان ئەو هەلومەرجە بقۆزینەوەو کۆڵنەدەرانە کاری لە سەر بکەین. شک لەوەدا نییە خەباتکردن بۆ سەربەخۆیی کۆسپی زۆرە لە گشت بوارێکدا. بەلام دەبێت ئێمەی کورد ئەوە وەبیری خۆمان بێنینەوە کە بۆ کام شێوە خەبات کۆسپی خرابمان نەدیوە، ئەی ئەگەر دەیان ساڵی دیکە هەر خەبات بکەین و لە چوارچیوەی ئەو لاتانە بمێنینەوە خۆمان بە خەڵکی ئەو ولاتانە بزانین، کەوابێت کوا گەلەکەمان ڕزگار کردوە؟ بە بۆچونی ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەو شێوە خەباتەی کە کورد بە ئێرانی بناسرێت، واتای دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستانە، کە ئەمجارە بە بەڵگەیەک کە کورد بۆ خۆی واژۆ دەکات و پەسەندی ئەوە دەکات کە داگیرکەران خاکی کوردستان بە خاکی خۆیان بزانن. بەو جۆرە سیاسەتانە بە ئاسانی خاکی کوردستانیان پێدەبەخشین و بەتەواوی پشتیوانی نێۆنەتەوەییش لە دەست دەدەین.
لەو بوارەدا پارتی سەربەستیی کوردستان خاکی خۆرهەلاتی کوردستان و دانیشتوانی بە پێی پێناسە مێژووییەکان هەرگیز بە ئێرانی ناناسێت. ئەو پڕوپاگەندەی کە گوایە کوردەکان خاوەنی ڕەسەنی ئێرانن بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە، هەروەها بە ئامرازێکی دەزانێت بۆ سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتی تاکی کورد لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستاندا.
هەروەها پارتیمان خەبات بۆ سەربەخۆیی بە خەباتێکی ڕەوا دەزانێت و بانگێشەی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات بۆ بەشداریکردن لەخەبات بۆ سەربەخۆیی و سەربەستیی یەکجاریمان. ئێمە دەبێت داگیرکەر لە کوردستان دەربکەین. ئەو هەموو بەڵگە ڕاستیانەی مێژوویی وجۆگرافیایی

کوردستان ئەوە دەسەلمێنن کە بێجگە لە سەربەخۆی سیاسی وئابوری وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وبووژاندنەوە وگەشە پیدانی کولتور و زمان وئەدەبی نەتەوایەتی، هیچ شوعارێک وتاکتیکێکی دیکەش ناتوانی ڕزگارمان بکات.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی وڵاتێکی داگیرکەردایە کە چەند نەتەوەی دیکە وەک دراوسێیٚ کوردستانی تێدا دەژی و خاکی ئەوانیشیان داگیرکردوە. لە درێژەی مێژووی ئەو داگیرکردنەدا بێجگە لە نەتەوەی دەسەڵاتداری فارس، نەتەوەکانی دیکەبە گشتی لە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیاندا لە هەر چەشنە مافێکی ڕەوای نەتەوایەتی بێبەش کراون، لە وڵاتێکی ئاوا داگیرکەردا نەتەوەکانیتر لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا چەوساونەتەوە، و لە هەموو مافێک تەنانەت لە خوێندن بە زمانی زگماکیش بێبەشکراون. ئەوە بەڵگەیەکی ڕاستی وحاشا هەڵنەگرە کە گەلی کورد زیاد لەهەموو ئەو گەلانە بەرامبەر بە داگیرکەران خەباتی کردوە و قوربانی داوە. بەڵام لەم سەردەمەدا بە خۆشیەوە دەبینین کە خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی داگیرکەران لە نێو گەلانی دیکەی بن دەستی ئێران سەری هەڵداوە، کە ئەمەش ئۆمێدێکی زیاتر بە پەرە سەندنی بیرۆکەی سەربەخۆیی خوازی دەدات. ئەگەر گەلی کوردی بندەستی ئێران وەک تەنیا گەلێک لە ناوچەکەدا خەبات بکات بۆ سەربەخۆیی، گومان لەوەدا نییە کە خەباتێکی یەکجار دژوار دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو٥ گەلە هەموویان خەبات بکەن بۆ جیابوونەوە لە ژێر چنگی دەسەڵاتی هەزاران ساڵەی ئیمپراتۆری فارسی، ئیدی ڕێژیمی حاکم بە چۆکدا دێنیٚ و دەسەڵاتی نیزامی لە چنگدا نامێنی. ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە ئێران ناسراوە تەنیا ٢٥% لە نەتەوەی فارس پێکهاتووە، ٧٥% لە نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد، تورکی ئازەری، عەرەبی ئەحواز، بەلوچ، تورکمەن سەحرایی و هتد، پێکهاتووە کە ئەگەر ئەو ٧٥% لەو وڵاتە جیابوونەوە هیچ توانای بەرگری کردنێک لە وڕێژیمەدا بەدی ناکرێت، بەبۆچوونی ئێمە هیچ زلهێزێکی ئەم جیهانەش بە نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانیشەوە ناتوانن بەر لە داخوازی٥ نەتەوەی بندەست بگرن کە داوای

جیابوونەوە دەکەن. دیارە وەک ئەمڕۆ لە عێراقی عەرەبی دەبینین کە گەلی کورد تەنیا نەوەتەیەکی غەیرە عەرەبە لە ناوچەکەدا لە لایان شۆفینیستی عەرەبیدا خاکی داگیرکراوە، ڕۆژانە دەبینین کە چەندە کۆسپ دێنە سەر ڕیگای باسکردنی سەربەخۆیی لەو بەشە نیمچە ڕزگارکراوەی کوردستاندا. هۆکارەکەشی بێجگە لە نارەزایی ولاتی تورکیا، هاوکات ۲۲ دەوڵەتی عەرەبی و دەیان دەوڵەتی دیکەی بە ناوی ئیسلامیش دژایەتی جیابوونەوەی کوردستان لەو ناوچە دەکەن. جا ٤ گەل لە وڵاتی داگیرکەری ئێران جیاببنەوە، نەیارانی کورد ناتوانن بەسەر ئەو گەلانەدا باز بدەن وبێنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتەنیا دژایەتی ئەو جوڵانەوەی کورد بکەن. هەم لە بواری هێزەوە و هەم لە بواری گەیشتن بە ناوچەکانی کوردستان ئەو تواناو ڕێگایان نامێنێت. دیارە ئەمە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەبێت بە سیاسەتێکی یەکگرتوو و ژیرانە بەرنامە ڕێزی بۆ بکەن وبتوانن بە یەک دەنگی پلانی بۆداڕێژین و بەڕێوەی بەرن.

کوردستانیانی بەڕێز: خۆ سەرقاڵکردن بە دروشمی جیاواز و دورکەوتنە لە ئامانجە سەرەکیەکە کە سەربەخۆییە. لە ژێر ناوی تاکتیک بۆ ئاسانکاری لە پێناو بە سەربەخۆیی گەیشتن، ئەوە زۆر کاتی بەسەردا چووە، نزیکەی ۷۰ ساڵە لەو قۆناخەداین، نەشمانتوانیوە ئامانجەکانمان بە باشی بپێکین. هەر بەردەوام وەبەر پەلاری دەسەڵاتی داگیرکەر و هەروەها بە ناو سیاسیی و ئوپوزوسیونەکانی دەسەڵاتی داگیرکەرانیش لە ژێر ناوی جیاخواز دراوین.

لەم هەزارەی سێیەمەدا کە ئیدی کەم نەتەوە ماوە لە جیهاندا چاوی بە سەربەخۆیی ڕوون نەبووبێتەوە. ئێمەی کوردیش نابێت باس لە شێوە مافگەلێکی سەرەتایی بکرێت، واز لە ویستی سەربەخۆیی و سەروەری گشتی گەلەکەمان بێنین.

ئێمە دەبێ وەک لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئیستاوە خۆمان بۆ ئەگەر ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گەرانەوەمان بە هزری سەربەخۆیی ئامادە بکەین. بیر لەوە نەکەینەوە

که لەگەڵ بە ناو ئوپوزوسیونی ئێران دیسانەوە بچینەوە تاران کۆبینەوەو باس لە مافی سەرەتایی فەرهەنگی کولتوری بکەین. با مێژوو پێناسەی نەتەوەییەکی زۆر جیاواز لە نەتەوەیی دەسەڵات کەم نەکەینەوە.
ئەگەر ئێمە لەو هەلە هەڵکەوتووانە کەڵک وەرنەگرین، دیسان دوژمنەکانمان لە بوارێ هێز و دەسەڵاتەوە خۆیان دەگرنەوە و بەرەنگارمان دەبنەوە. مێژو زۆر باش شایەتی لە بڕیار و بەڵێنییەکانی خومەینی دەدا کەپێش وەرگرتنی دەسەڵات چ بەڵێنگەلێکی بە گەلی کورد دەدا، بەڵام لە کاتی کۆکردنەوەی سوپای ئیسلام واتە پاسدار چ کوشت وکوشتارێکی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا هێنا. بە داخەوە زۆرجاریش لە لایەن هیندێک لە پارتە کوردیەکانەوە باس لەوە دەکرێت کە گۆیا هەڵگرتنی ستراتیژی سەربەخۆیی زەنگێکی خەتەر وخەتی سورە بۆ کورد و نابێت لەم سەردەمەدا باسی لێوە بکەین. ئەی ئەگەر ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە لە بندەستەیی ئەم مافە بەرز نەکەینەوە، کەواتە کەی بەرزی بکەینەوە؟ دەیانساڵی دیکە ڕاوەستین و سەدان هەزار ئەنفالکراو و شیمیایی کراوی تر، ئەم جۆرە خۆ بەکەمزانینە چاوەڕوانی زۆر نەهامەتی دیکەمان لێدەکات.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان پێمان وایە ئەگەر خۆمان نەترسانە کاری بۆ بکەین نابێتە زەنگی خەتەر و دەتوانین بە جیهانی بسەلمێنین کە داواکردنی مافی سەربەخۆیی بۆ هەر نەتەوەیەک مافێکی ڕەوایە و بۆدەبێت بە تووند و مەترسیدار چاوی لێبکرێت؟ ئەوە دوژمنانی چەند ساڵەمانن وایان لێکردووین لە بەکارهێنانی وشەی سەربەخۆیی خۆفمان هەبێت، ئێمەی کورد بە سەدان هەزار شەهیدمان لە هەمو کوردستان داوە لە پێناو داوای زۆر بچووک لە ئاستی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا. کەوابێت مێژوو پێێ سەلماندووین ئێمە بە شەهید بوون و تۆقاندن واز لە مافەکانی خۆمان ناهێنین، با دوژمنانمان لە پێناو سەربەخۆییش بڕێک هەڕەشە وتۆقاندن بەکار بێنن، ئەوان بە هەموو شێوە خەباتێکی کورد ناڕازین، داوای فیدراڵی بکەی هەر لای ئەوان تاوانە کە وابێت سەربەخۆیش هەرهەمان تاوانە. بە بۆچوونی ئێمە

سەربەخۆیی تەنیا ڕێگای ڕاست و دروستی ئێمەیە و نابێت سڵی لێ بکەین. ئەگەردەڵێن ئەو شوعارە ئیستا کاتی نەهاتووە ئەوا هەرگیزکاتی نایەت، دەبێت ئێمەی کورد بۆخۆمان ئەوکاتە دروست بکەین، لە ڕوانگەی جیهانیشەوە بێجگە لەو ٤ وڵاتە داگیرکەرەی کوردستان نەبێت هیچ وڵاتێکی دیکە ناتوانێ بە مافی ڕەوای ٥٠ ملۆێن خەڵک بڵی تاوانە، ئەگەر ئەو وڵاتانە باوەڕیان بە جاڕنامە و یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهانەوە هەبێت. لەوێدا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە گەلی کورد مافی خۆیەتی وڵاتی سەربەخۆی هەبێت، بۆ ئەو کارەش پێویستە کورد خاوەنی دیپلۆماتییێکی کارامە و بەرەیەکی یەکگرتو و یەکدەنگ بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو داوایە بگەیەنێتە گۆی جیهانەوە.

شۆفینیستی حاکم لە ئێراندا لەماوەی سەدان ساڵ پێشەوە و تا ئیستاش بێجگە لە کەم کردنەوەی جۆگرافیایی خاکی کوردستان، هەمیشە ئەو پڕوپاگەندەیان بڵاو کردوەتەوە کە ئەگەر گەلی کورد لە ئێران جیابێتەوە لە بواری ئابوردیدا هیچی نییە و خەڵکەکەی لە برسا دەمرن، دەتوانین بڵێین کە ئەم پڕوپاگەندەدە دوور لە راستیە بەداخەوە تا ڕادەیەکی کەم شک وگومانی خستۆتە نێو کۆمەڵگاکەمان، بەڵام بە پێێ ئەو زانیاریانەی کە ئێمە لەو ماوە کورتەد لە بواری ئابوری کوردستاندا دەستمان کەوتووە کە بەشێکی زۆری داهاتی نەوت و گازی وڵاتی ئیستای بە ناو ئێران لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کرماشان و ئیلام دابین دەکرێت. هەروەها خاکی ئەو بەشەی کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان پڕە لە سامانی سروشتی، وەک نەوت، زێڕ، گۆگرد، کشت و کاڵ و داهاتی گومرگەکانی سنوورەکان و هتد..... داگیرکەران هەرگیز نەیانویستووە سامانەکانی ئەو ناوچانە ئاشکرا بکەن، ئەوان لەوە ترساون کە ئەگەر سامانە دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچانە ئاشکرا بکرێن و ئەوابیری سەربەخۆیی یا بە قسەی خۆیان(تەجزیە تەڵەبی) لە نێو کورداندا زیاتر گەشە دەسێنێت. ئەوان لە مێژ ساڵە دێنە سەر سفرەی حازری ئابوری لە خاکی کوردستان. ئەوان زۆر جار باس لەو دەکەن کە کوردەکان جیا ببنەوە ناتوانن لە بواری ئابوریدا خۆیان ئیدارەبکەن. لە وڵامدا ئەوە زۆر ڕوون وئاشکرایە کە ئەگەر بیانزانیبایە گەلی کورد

ناتوانێ خۆی ئیداره بکات و له بواری ئابوریدا پێویستی به تارانه، ئەوا له مێژ ساڵ بوو شۆڤینیستەکان وازیان لێ دەهێنایین و به زۆریش بوایه جیایان دەکردینەوە! به سەدان وڵاتی سەربەخۆ هەیە که به قەت ١٠% کوردستان ئاستی ئابوریان باش نییه بەڵام خەڵکەکەشی لەبرسانەمردون و توانیویانه به سیاسەتی ژیرانه کێشەی ئابوری خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیاندا جێبەجێ بکەن. بەڕاستی زۆر گرنگه که ئێمەی کورد چی دیکه کات و ساتی خۆمان بەو قسه و قسەڵۆکانه به فیڕۆ نەدەین، با بگەینه ڕاستییەکان و چی دیکه له فکری ئاوەدان کردنەوەی تاراندا و چاوله دەستی ئەوان نەبین، با له هەوڵی ئەوەدا بین که کوردستانی داگیرکراومان ڕزگار بکەین، ئابوری کوردستان ببوژێنینەوە و سەرنجی کۆمپانیاکانی جیهان بۆ سەرمایه کۆکردنەوە له کوردستان ڕاکێشین.

**هەل و مەرجی گشتی کوردستان.**

**باشووری کوردستان.** باشوری کوردستان له سەدساڵی ڕابووردەوە تا هەنووکەش بەردەوام له سەنگەری بەربەرەکانیدا بووە، هەمیشه ئامانجی سەرەکی پلان و کۆمەڵکوژی ڕێژیمی ئێراقی داگیرکەر بووە، وێرای دەیان ساڵ خەباتی ئاشکراو بەرچاو ئەو بەشەی کوردستان، پێناسەی سەدان هەزار ئەنفالکراو شەهید وماڵوێرانیه که مێژوو ناتوانێ نکۆڵی لێبکات. به خۆشییەوە ئاکامەکەی خەریکه بەرەو ڕووناکی دەڕوات، سەرەڕایی بوونی دەیان کۆسپی وڵاتانی دراوسێی و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و پلانه یەک له دوای یەکەکانی بەغدا. لەم سەردەمەدا که دەبیینی به خۆشیەوە نیمچه سەربەخۆییەک که هیوای مەزنتری به شۆێندایه له باشوری کوردستان هەیه وبەچاوی خۆمان دەبینین که گەلی زوڵم لێکراومان لەباشوری کوردستان له ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەرۆکی کوردستان وسەرۆک وەزیری کوردستان و سەرۆک پەرلەمانی کوردستانمان هەیه، لەگەڵ ئەوەشدا بەو پەڕی سەروەرییەوە دەبینین که ئیستا هەم سەرۆکی ئێراق وهەم بەشێک له وەزارەته گرنگەکانیشی هەر له تێکۆشەرانی کوردن، ئەمەش بەڵگەی زیندووی خۆڕاگری وئازادیخوازی

گەلی کۆڵنەدری کورد لە باشوری کوردستان. ئەوەی کە بە هەڵپسراوی لە باشوری کوردستان ماوەتەوە. مەسەلەی کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکانی سەر هەرێمی کوردستان. ئێمە داوا لە گشت تێکۆشەران وحیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان دەکەین، کۆڵنەدەرانە لە هەوڵ و تێکۆشاندابن بۆ گەراندنەوەی ناوچە دابراوەکانی کوردستان، بۆ سەردەسەلاتی هەرێمی کوردستان.

**باکوری کوردستان**. ئەو شۆێنەیە کە مەڵبەندی بەشی هەرە زۆری کوردستانیانە، بە پێی چەندین سەرچاوەی جیاواز ئامارژەوە بەوە دەکەن کە ئاماری کوردەکانی بندەستتی تورکیا دەگاتە سەرەوەی ٢٥ ملۆێن. وەک دەبینین گڕی خەباتی بەردەوامی ڕۆلەکانی باکوریشمان ولاتی تورکیای خستووەتە ژێر فشاری ناوخۆ ونێونەتەوەییەوە، هەر مانگرتنەکەی چەند مانگ پێشی ٦٧ رۆژەی بەندییە سیاسیەکان لە بەندییەکانی تورکیا، دونیای هەژاند. ئەو بەرخۆدانە دەوڵەتی تورکیای ناچارکردوە کە ناڕاستەوخۆ بێتە سەر ئەو قەناعەتە لە دەرەقەدی کورد نایە. گەلێک ئاڵۆگۆڕ لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد پێک بهێنیت، هەروەها شۆڤینیستەکانی تورکیای زیاتر نگران کردوە. لەچەند ساڵی ڕابووردودا دیتمان کە هێزەکانی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بە بیانووی ڕاونانی تێکۆشەرانی باکوری کوردستان، هێرشی فڕۆکە وتۆپ بارانی بەردەوامیان دەکردە سەر خاکی باشوری کوردستان و بە هەزران خەڵکیان لە زێدو شۆێنی ژیانیان دەربەدەر دەکرد.

**ڕۆژئاوای کوردستان**. تیشکی ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی هەر خێرا ولاتی سوریای گرتەوە، ڕێژیمەکەی ئەسەد بۆ ماوەی٢ساڵە کەوتووەتە بەر ڕق وکینەی زۆری خەڵکەکەی و خۆپێشاندان سەرتاسەری سوریای گرتووەتەوە. ڕۆڵەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیشمان تینی خەباتەکەیان لە جاران زیاتر بووە، بۆ نموونەوە لەو پرش و بلاوییەی لایەنە سیاسیەکان، توانراوە لە٢ئەنجوومەنی سیاسی هەڵویستەکان کۆکرێتەوە. و ئەو ڕێژیمەی کە سالانی پێشوو حاشای لە ناسنامەی زیاتر لە 2 میلیۆن کورد لەو بەشەدا دەکرد، ئیستا خەریکی وەخۆ کەوتنن و دەیانەوێ دوای

سەدان ساڵ تازە کوردەکان بکەن بە خەڵکی سوریا و پێناسەی سوریایی بوونیان پێبدەن! بەڵام تێکۆشەرانی ڕۆژئاوایی کوردستان هەرگیز خەباتیان بۆ وە دەستهێنانی ناسنامەی سوریایی بووندا نەکردوە، بەشکو خەباتیان بۆ بە دەستهێنانی مافەڕەواکانیان کردوە. ئەوەی کە زۆر جێگای خۆشحاڵیە بۆ ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوەبەکین، ئەوەیە کە بە پێی چەندین هەوال لە دۆستەکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە دەستمان گەیشتوون، کە چەند هێزێکی ئەو بەشەی کوردستان، سەرقاڵی یەککگرتنن. ئێمە ئاواتەخوازین ئەو پرۆسەیان سەربگرێت وببێتە مایەی دڵخۆشی کوردەکانی بندەستی سوریا.

کوردستانی سوور، دەتوانرێت بە بەشی پێنجەمی کوردستان پێناسەی بکرت، زۆر کات وا باسکراوە کە کورد تەنیا لە ٤ دەوڵەتدا هەیە یا لە لایەن ٤ دەوڵەتەوە دابەشکراوە، ئیدی ئەوەش وای کردوە کە زۆر جار کوردەکانی کوردستتانی سوور لە یاد بکرین. دیارە ژیانی کوردەکانی دابەشکراو بە سەر دەوڵەتە سەربەخۆکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا لە ئاست زوڵم و زۆردا لە زۆربەی بەشەکانی دیکەی کوردستان باشتربوون، ئەو کوردانە لە زۆر لە بەشەکانی سۆڤیەتی پێشوودا هەن، لە پاش سەربەخۆبوونی زۆربەی نەتەوەکانی ئەو دەڤەرانە، کوردەکانیش بە پێی هەڵکەوتەی جۆگرافیاییان بە سەر چەند دەوڵەتی سەربەخۆیی ئەو ناوچانە دابەشکراون. دوورخستنەوەی ئەو کوردانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێکەوتننامە شوومەکانی سەدان ساڵ کە بۆ دابەشی سەر گەلی کورد بوو، بە پێی چەندین سەرچاوەی جیاواز ژمارەی گشتی کوردەکانی ناوچە سەربەخۆکانی سۆڤیەتی پێشوو لە سەرەی[١] ملۆێن و نیوە. بێجگە لەوەش سەدان هەزار کورد لەلوبنان وزۆربەی ولآتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناڤین هەیە، هەروەها لە ٥٠ساڵ پێشەوە تا ئەم سەردەمە بەردەوام زیاتر لە ٢ ملۆێن کوردیش پەرێوەی وڵاتانی هەندەران بوون. پارتی سەربەستیی کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کە پشتیوانی لەو کوردستانیانەی کوردستانی سووربکات. لەڕووبەڕوو بوونەوەلەگەڵ هەرکێشەوئازارێکدا دەنگیان بەگوێ جیهاندا بگەیەنێت.

## کوردە دوورخراوەکانی لای خۆراسان و شوێنەکانی دیکەی ئێران خۆراسان (پارێزگای کرمانج)



پلانی دوورخستنەوەی کوردستانیان هەر لە ٥٠٠ ساڵ پێشەوە درێژەی هەبووە، هێزەکانی داگیرکەر ودەسەڵاتدارێتی ئەو سەردەمانەش هەمێشە لە یەکێتی و تواناکانی کورد ترسیان هەبووە. هەروەک لە مێژووی سەدانساڵی ڕابوردومان دەبینین کە چۆن بەرنامەی پرش وبڵاوکردنی کوردیان هەبووە، کوردەکانی خۆراسانیش ئەو بەشە کوردەن کە بوونەتە ئامانجی ئەو پلانەی پێشوو. ئەو کوردانە دانیشتوانی نێوان وان و ورمێ" بوون، ڕاگوێزی لای باکوری خۆراسان کراون. خۆراسان دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران.

ئیستا سەرژمێری کوردەکانی دانیشتووی باکوری خۆراسان بۆ ٢ ملۆین ٢٥٠ هەزار مەزندە دەکرێت. کوردەکانی دوورخراوەی باکوری خۆراسان پێکهاتەی ٢٢ تایفەی ڕەسەنی کوردستانن. و ێرای سەدان ساڵ بە سەر دابڕانیان لە ناوچەکانی کوردستان. بەڵام خۆڕاگرانەو زیرەکانە بەسەر زمان و نەریتی کوردانەی خۆیاندا زاڵبوون کە بە زاراوەی کرمانجی دەپەیڤن(قسەدەکەن).

لە کاتێکدا خەڵکی چەندین نەتەوەی دیکەی بندەستی ئێران بەهەمانشێوە ئەوانیش بۆناوچەکانی خۆراسان ڕاگوێزراون، کەچی دەبینین بەشی زۆریان زمانی زگماکیان لە دەستداوە. بەڵام کوردەکان هەمیشە نموونە بوون لە نێو نەتەوە دوورخراوەکانی دیکە لە بواری پاراستنی زمان و فەرهەنگدا.

کوردەکانی دوورخراوەی خۆراسان هەمیشە هەستی نەتەوەیی و کورد بوونیان لە ئاستێکی زۆر بەرزو پیرۆزدا بووە وهەیە. بەدەیان پەرتووکی گرنگیان لە سەر نووسراوە. پارتی سەربەستیی کوردستان لە سەردەمی

ئیستایی خەباتیدا لە تاراوگەو لە خەباتی داهاتووشیدا، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە ئاگاداری هەلومەرج و ژیانی ئەو دووملۆین و ٢٥٠ هەزار کوردە دوورخراوە بێت، لە بەرامبەر بە مافەکانیان خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت. و پێمان وایە کە لە هەر جۆرە پرۆژە و پلانێک بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان نابێت ئەو کوردانەی دوور خراوی لای خۆراسان لە یاد بکرێت، پێویستە هەم لە ئیستادا و هەم لە داهاتووشدا ئەوان لە یاد نەکرێن.

پێویستە هەوڵبدرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهان و گشت ڕێکخراوەکانی دیکەی مرۆڤایەتی بەردەوام ئاگاداری و زانیاری لە سەر ئەو کوردانە بڵاو بکرێتەوە، داوای پاراستنی ژیان و مافەکانیان بین.

ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان داوا لە گشت لایەنە سیاسییەکان، ئاکادیمی ومێژونووس و مێژووناسەکانی کوردستان دەکەین، کە زۆر بە گرنگییەوە لە سەر ئەو زیاد لە یەک ملۆێن کوردەی خۆراسان کار بکەن. بە هۆی ئەوەی کەسەدان ساڵە لە خاکی کوردستانیان دوورخستووەتەوە، لە کاتی بە سەربەخۆ بوونی کوردستان مخابن ئەوانی پێوە گرێ نادرێت، پێویستە کورد هەوڵێکی زۆربدات، کە کوردە دوورخراوەکانی خۆراسان، شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی ئەو شوێنە مافی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیان پارێزراو بێت، و حکومەتی دهاتووی کوردستانی بەردەوام ئاگای لێیان بێت.

هەر لەو پێوەندییەشدا پارتی سەربەستیی کوردستان پێوەندیی لەگەڵ دەیان لەو کوردانەی خۆراسان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەیە. و زانیاری و ڕێنیماییان بۆ دوارۆژی گەرانەوە لێوەر دەگریت.

**لوڕستان و لەک**

لورەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد، کە بە زاراوەی لوری، کە شاخەیەکە لە زاراوەی گۆران. ئەوەش بە سەدان بەڵگەو پەرتووکی سەدان ساڵی مێژوویی کوردستانی بوونی لورەکان دەسەلەمێنن. داگیرکەرانی کوردستان زۆریان هەوڵداوە مێژووی کوردبوونی لورەکان بشێوێنن.

هیجکەس ناتوانێ نکۆڵی لە کوردبوونی لەکەکان بکات، چوون کرماشان و ئیلام کە زایدگای هەزاران ساڵەی لوڕ و لەکەکانە. بەڵام زۆرجار هەوڵدەدرێت لورەکان بەرو هەڵدێر ببرێت. کە بەخۆشیەوە بە دەیان شاعیر و نووسەرو کەسایتی لور بە شانازییەوە باسی کوردستانی بوونی خۆیان دەکەن. کەمکاری وکەمتەرخەمیش لە ڕاگەیاندن و دەسەڵات و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیدا هەبووە، کە وەک پێویست لەسەر لور کاریان نەکردوە.

**کوردەکانی لای قەزوێن.**

کوردەکانی قەزوێن لە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانن بۆ لای قەزوێن دوورخراونەتەوە، هیچ سەرچاوەیەکی دروست بۆ سەرژمێری ئەو کوردانە لە بەردەستا نییە، بەڵام بە قسەی هیندیک لەو کەسانەی کە لە ڕایەڵەی تۆرە کۆمەلایەتیەکان بە دەست ئێمە گەیشتووە، باس لە ٣٠٠هەزار کەسدەکرێت. کە لە تایفەکانی بەجەلان و بەهتونی، چگێنی، ڕەشوەند، غەیاسوەند، کاکاوەند، کرمانی، ئیلمافین.
حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و گشت حکومەتەکانی جیهان، ئەگەر ١٠ نەفەریش لە ڕەگەزی ئەوان لە هەر قووژبینێکی جیهان هەبێت، هەمیشە خۆیان بە خەمخۆریان دەزانن و پشتیوانیان لێدەکەن. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، پێمانوایە کە دەبێت ئێمەی کوردیش خۆمان بەو کوردە دوورخراوانەوە ماندوو بکەین، و بە باشی بەڵگەی مێژووی سەرژمێریان بدۆزینەوە. پشتیوانی لە گشت مافەکانیان بکەین.

کوردەکانی قەزۆین لە سەردەمی دەسەلاتی قاجارییەکان دوورخراونەتەوە. بەڵام ئەوانیش هەستی کوردبوونیان زۆر بەهێزە، ئیستاش لە میدیا ڕاگەیاندەکاندا خۆیان وەک کورد دەناسێنن، بەس مخابن بە هۆی پرش وبلاوبوونیان لە ناو قەزوێن، لە زمانی ڕەسەنی کوردی دوور کەوتوونەتەوە یا لە بیریان چووەتەوە. بۆیە ئێمە بە پیویستی دەزانین کە لە ئیستا و لە داهاتووشدا بیر لەو کوردە دوورخراوانەی لای قەزۆین بکرێتەوە.

شۆێنی دێرین و ژیانی کوردەکانی دوورخراوە بۆ قەزۆین کە بە زمانی فارسییە وەک خۆی دەیخەینە بەردەست خۆێنەرانی ئەم ڕاپۆرتە

**محل زندگی طوایف کرد در اطراف قزوین**

در دهات اسبوین، انجلیق، امیرآباد امیر امجد، پشام، توت چال، تیاندشت، تله جین، جرن چاک، چلک، خروس، خشگناد، داغدشت، سنگ چاله، غیاث آباد، قانشار بلاغ، قزقلعه (قره دره)، دهستان کاوند، ککه جین دره، کشکور قرەچم، گشنەرود، گورد، گندم چال، گوراندشت بزرگ، گوراندشت کوچک، مزرعهٔ زرد چشمه، مزرعه محمودی، میانج واقع در دهستانهای اقبال و رودبار و قاقزان سکونت دارند. عدەای از سکنه، مزبور که ملتزم به ییلاق و قشلاق نیستند در آبادیهای ذیل ساکنند: پشام، تیاندشت، غیاث آباد، قنشار بلاغ، قزقلعه، کاکوهستان، ککه جین دره، کشکور قره چم، گشنه رود، گورد، مزرعهٔ محمودی و میانج. بقیه، سکنه دهات مذکور در فوق تغییر مکان میدهند. ییلاق آنها در فشال و تلمبه سر ۱۲ کیلومتری توت چال و سوخته چنار است. زمستانها نیز برای قشلاق به شیرین سو و قره دره، شارلق، ارس آباد، چهار طاقی، گزوان (تارم)، کنار رودخانهٔ شاهرود و کالوهستان، توت چال (رودبار)، پل انبوه و ملا علی (مقصود دره ملاعلی است در راه قزوین به منجیل) میروند. به عبارت دیگر از پل انبوه تا پل لوشان سکونت دارند یا در حرکتند».

**لیبرالیزم و لیبراڵدیمۆکرات لە کوردستان**

بەشدارانی بەریزی کۆنگرەکەمان، ئەندمان و هابیرانی بەڕێزی پارتی سەربەستیی کوردستان، یەکێک لە گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی پارتیمان لەم کۆنگرەدا، دیسانەوە پەسەندکردنی چەمکی لیبراڵدیمۆکراتە کە هەر لە یەکەمینی ساڵی دروستبوونی پارتەکەمان لە سەر پێشنیاری من وەک عارف خرایە بەردەستی هاوبیرانمان، لە کۆنفرانسەکان وپلۆنۆمەکان و کۆنگرەی یەکەم، تا بەستنی کۆنگرەی دووەمیش هەر بە گەرمی پێشوازی لێکراوە.

هزری لیبرالیزم بۆ نیۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەمکێکی نۆییە. لە مێژ ساڵە کەچەمکی سوسیالیست وکۆمۆنیست لە پارتەکانی کوردستاندا بەرچاو بووە، وەک دروشمی دوارۆژ بە کار هێنراوە. ئەمەش وایکردوە کە زیاد لە نیوسەدە جووڵانەوەی کوردی هەر لە نێو ئەو بازنەدابمێنێتەوە! کە چی لای هەڵگرانی ئەو باوەڕە لیبرالیزم بە ڕێبازێکی نەگونجاو ونێگاتیڤ پێناسەکراوە، لانیکەم تا ئێستا هەلێکیش نەخولقاوە کە لیبڕالیزم وەک چەمکێکی سیاسی جیهانی لە کوردستانیش تاقی بکرێتەوە. ماناو نیوڕۆکی لیبرالیزم، مێژوو کردەوەکانی لیبرالیزم، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤی ڕزگاریخواز، ئازادیخواز دەتوانێ هەڵگری ئەم چەمکە سیاسییە بێت. لە لیبرالیزمدا مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارێکدا پارێزراوە، مافی ژن زۆر بە زەقی و بە وردبینیەوە لە لیبرالیزمدا بەرچاوە. بووژانەوەی ئابوری وڵات، بە کارهێنانی ئابوری وڵات بە شێوەیەکی زانستی لە خزمەت پێشکەوتنی کۆمەلگا لە نێۆ لیبرالیزمدا ئاسانکاری بۆکراوە. پەیداکردنی کار بۆ بێکاران لە ڕێگەی کردنەوەی کارگەو پرۆژەی جیاوازەوە ئاسانکاری بۆکراوە.

هەر بۆیە پارتی سەربەستیی کوردستان بە پێی هەڵسەنگاندی مێژووی لیبرالیزم، وئەزموونەکانی لە وڵاتانی کە ئوروپا وئەمریکا و ئاسیا نموونەیەکی بەرچاوی ئەو سیستیمە فکرییەن، بڕیاریدا کە لیبرال دیمۆکرات بکات بەئایدئۆلۆژی دوارۆژی خۆی وەک سیستەمی ئیدارەکردنی حکومەتی سەربەخۆیی کوردی لە کوردستاندا. واتە کوردستانێکی سەربەخۆ و لیبراڵدیمۆکرات، ڕێبەرایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بەپێی هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتی وزانستی بەم ئاکامە گەیشتووە کە لە جیهاندا ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی لیبراڵ دیمۆکراتیان هەیە هەم حکومەتەکەی و هەمیش گەلەکەیان لە زۆر بواری سیاسی وئابورییەوە

حەساونەتەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە لیبرالیزم دەتوانێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پیشە سازی وئابووری و کۆمەلایەتییەوە ڕەخسێنەری هەلیک بێ کە دانیشتوانی تێیدا بحەسێنەوە. باسکردن لە سەر لیبرالیزم و پێناسەکردنی کات وساتێکی یەکجار زۆری دەوێ. شیرکردنەوەی لیبرالیزم بە زۆر شێوەی ماناو مەفهوم دەبەخشێت. بە پێێ فەرهەنگی نەریتی هیندێک ولات لیبرالیزم کاریگەرییەکان دەگۆردرێت. ئێمە بەپێێ پێکهاتەی کۆمەلگاکەمان و هەلسەنگاندنی نەریتەکانی کۆمەلگەی کوردەواری خوازیاری لیبرالیزمێکی کوردین. واتە لیبرالیزمێک کە مافەکانی گەلی کورد تا ئاستی سەربەخۆیی، مافی تاک، مافی ژنان، بووژانەوەی ئابوری کوردستان. بووژانەوەی کەسایەتی کوردستانی، دروستکردنی بیری ئازادی تاکی کورد کە خۆی بە خەلکی ولاتێک نەزانێت کە کوردستانی داگیرکردوە، و زۆر بواری دیکە، کە لە پەرتووکێکدا کۆمکردوەتەوە، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەیخەمە بەر دەست خۆێنەرانی کورد و ئەوانەی پێیانخۆشە بە کوردی لە سەر لیبرالیزم  زانیاری باشیان هەبێت.

**تێرۆرێزمی جیهانی**

تیرۆریزمی جیهانی لە مێژسالە هەبووە، بەلام زیاتر لە پاش کارەساتەکی ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١وە بوو بە کەمپین وخەباتێکی سەرتاسەری جیهانی بە دژی تروریزم. کە لەو کەمپینەدا چەند دەولەتێکی پشتیوانی تروریزم ڕووبەڕووی ڕووخان و نەمان وهەڕەشەبوونەوە. چەندین دەولەتی دیکە لە لیستی نەماندایە، پارتی سەربەستیی کوردستان، هەموو جۆرە کردەوەیەکی ترۆریستی لە ژێر هەر ناو و ناتۆرەیەکدابێت ئیدانەی دەکات، بە گۆیرەی توانایی و ئیمکاناتی خۆی دژی ترۆریزم دەوەستێ. وەک پرینسیپ و سیاسەتی پارتیمان خوازیاری ئاشتی و هێوریە لە کوردستان وجیهاندا. هاوکات داوا لە گشت

وڵات و ڕێکخراوەکانی  چاودێری تروریزمیجیهانی دەکەین، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێژێمێکی تروریستی بناسن، کردەوە و پشتیوانییەکانی ئەم ڕێژیمە  بە گروپەکانی تروریستی، و کردەوە تروریستیەکانی خۆیان لە ماوەی ئەم ٣٤ ساڵە لە جیهاندا، بەڵگەی حاشا هەڵنگرە، کە ئەم ڕێژیمە ڕێژیمێکی تروریستی نێۆنەتەوەیی.

خەباتی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی نەتەوەکانی جیهان.
جم و جۆڵ و گۆڕانکاری لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەردەوامە و کێشە دێنرینەکانی ئیسرائیل و فەلەستین  هەروا درێژەی  هەیە،٣نەتەوەیی بەرچاوی وەک مۆنتینیگرۆ  وکۆسۆڤۆ باشوری سۆدان لەم ٧ ساڵەدا سەربەخۆیی تەواویان بە دەست هێناوە، ئاڵای سەربەستیی یەکجارییان لە وڵاتەکەیان هەڵکرد. بە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران شەر لە نێوان شیعەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ دەسەڵاتدارنیان وەک عەرەبستانی سەعودی، یەمەن وبەحرێن سەریهەڵداوە. نەتەوەکانی بندەستی ئێرانیش وەک بەلوچ و کورد و عەرەبی ئەحواز و تورکمەن و ئازەری بەردەوام لە خەباتدا بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان.
نەتەوەکانی تامیل و تیبەت، هەروەها چەندین نەتەوەیی دیکەی جیهانی بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆیی ومافەکانیان لە قۆناخی خەباتدان.

**کوردستانیانی دەرەوەی وڵات.**
لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە پەیامی کۆنگرەکەمان بۆ کوردستتانیانی بەناچار دوورخراوە لە نیشتمانەکەیان واتە کوردستانیانی نیشتەجێ لە وڵاتانی جیاواز لە دەرەوەی وڵات بنێرم.
بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانی نێۆنەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی گەلەکەمان وە دەست بێنین، داوا لە کوردستانیانی پەڕێوەی هەندەران دەکەین. کە هەرچەند هەمیشە بەردەوام لە یادی وڵاتەکەیاندابوون و لە ئاست هەر پلان و هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر کوردستان بێدەنگ نەبوون و

ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەردەرکی سەفارەتەکانی ئێران و وڵاتانی دیکەی داگیرلەر لەجیهان هەژاندووە. با ئێوە گشت کوردستانیانی نیشتەجێ لە تاراوگە بە پێێ تواناکانی خۆتان هەروا یەکگرتووانە بە دەم دۆزی ڕەوای گەلە وڵاتداگیرکراوەکەماندابن. لە هەوڵی ناساندنی ئێش وئازارەکانی گەلەکەمان بە دونیای دەرەوەبن. یاندابن. هەوڵبدەن مافویستی گەلەکەمان تا ئاستی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ئارام و دیپلومات بە گۆێێ جیهاندا بگەیەنن.

## ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پلانە پڕ مەترسییەکان بە دژی گەلی کورد

**ئاستەنگی زۆر بۆ هاوسەرگیری:** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاستەنگیەکی زۆر بۆ پرۆسەی هاوسەر گیری کیژان و کوران دروستدەکرێت، بۆ نموونە هیندێک فەرهەنگی هێناوەتەوە ئاراوە، ئەگەر ٢ لاو پێکەوە هاوسەر گیری بکەن. ئەوا بنەماڵەی کچەکە داوای سەدان سکەی زێر وەک پشت ئەخت بۆ کچە دەکەن. بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ٢ لاوە نەیانتوانی پێکەوە درێژە بە ژیان بدەن. ئەو پشت ئەختە کورەکە ناچار بەوە بکات، بۆ ڕزگار بوون لەو قەیرانە دژوارە ئابوورییە، پەنا بۆ هەموو کارێک ببات، یا زۆر جار لە ناچاری دەبێت هەڵێت و وڵات بەجێ بیلێت یا لە دام و دەزگاکانی سەربە ئیتلاعات خۆی نزیک بکاتەوە.

**ئاماری جیابوونەوە:** بەداخەوە بە پێێ ڕاپۆرتەکانی گەیشتووە. سەرەڕای بوونی ئاستەنگیش بەڵام ئاماری جیابوونەوە لە شارەکانی کوردستان زیادیکردوە. ئەوەش هۆکاری ئاستەنگی ژیان و بێکاری و ئاڵودەبوونی پیاوەکانە، کە ژنان ناچار دەکات بەوەی واز لە هەموو مافەکانی خۆیان بێنن و داوای جیابوونەوە بکەن.

مەترسی هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزی داگیرکەر:

**مادەی هۆشبەر :** بووەتە یەکێک لە مەترسی ترین کارەساتی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک. کە بە هۆی فشاری زۆری دەروونی گەنجان و لاوانی وڵاتمان. بە دەست ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرەوە.، هەروەها بە پێێ پلانی تایبەت و بۆ دارێژراو لە لایەن پیاوانی سەر بە ڕێژیمەوە، بە کارهێنەران و ئالودەبووانی مادەی هۆشبەر ڕۆژانە بەرەو زیادبوون هەڵدەکشێت. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، ئەمە بە پلانێکی تایبەت، بۆ تێکدانی کەسایەتی کوردستانی دەزانین.و داوا لە گشت لاوان و چین و توێژەکانی کوردستان دەکەین، خۆیان لەو مەترسییە دوور بگرن.

**کووشتنی کۆڵبەران و کاسپکاران**. بە هۆی بێکاری و ئاستەنگی ژیانی ئابوری خەڵکی کوردستان، ماوەیەکە خەڵکانی نزیک بە سنووری دروستکراوی نێوان باشور و ڕۆژهەلات، بە کۆڵبەری خەریکی دابینکردنی ژیانی بنەماڵەکەیانن. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان، بەوەش چاویان هەڵنایەت و تەقە لەو کۆڵبەرانی کورد دەکەن. بە پێی ئامارە جیاوازەکان لە نێوان کۆنگرەی یەک تا کۆنگرەی دووەم ژمارەی کوژراوانی سەر سنوورە دەستدروستەکانی باشور و ڕۆژهەلات و باکور، لە سەرەوەی ٣٧٩ کەسە. بێجگە لە مرۆڤەکان بە سەردان ئوتۆمبیلی بارهەڵگری کاسپاکارانیان تێک و پێکداوە، بە سەدان گیانلەبەری دیکە وەک ئەسپ، هێستر و گۆێدرێژ، کە ئامێری گوازتنەوەی کەلوپەلی کاسپکارانی سەرسنورن بە دەستی گوولەی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون.

**سووتاندنی دارستانەکان:** کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بە کوشتنی مرۆڤەکان ڕانەوەستاوە. بەردەوام لە هەوڵی تێکدانی ژینگەی کوردستانیشە. لە نێوان کۆنگرەی یەکەم تا کۆنگرەی دووەمان، دیتمان بە سەدانجار ئاگری توونديان بەردەواتە سەر ناوچەو شاخەکانی کوردستان. بە دەیان هەزار هیکتار لە دارو دارستان و کێڵگەو باخی هاوڵاتیانی کوردستانیان سووتاندوە. بێجگە لەوەش بە بیانووی بوونی هێزە سیاسییەکان بەردەوام بەتوپ وتەیارە بەربووەتە ناوچەسنوورنشینەکان.

**کورتەیەک لە سەر دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان و مەبەست و ئامانجەکانی.**

بەشدارانی هێژا، ئەمرۆ ٣رۆژی ماوە بە سەر تەمەنی دامەزراندنی پارتەکەمان تێپەرەبێت. واتە٧ ساڵ پێش پ س ک دامەزرا، لەکاتێکدا وەچەرخانێکی چاوەڕوان نەکراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ناکاو هاتە ئاراوە. ئەویش ئەوە بوو کە دیتمان گەورەترین دوژمنی ئازادی گەلی کورد واتە ڕێژیمی بەعس، کۆشک و تەلاری دەسەڵاتیان ڕوخاو بەرپرسانی باڵادەست پێوەندکران. ئیدی لەو سەردەمەدا دیسانەوە مەسەلەی کورد هاتەوە نێو میدیاکانی جیهانەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بیرۆکەی دروستبوونی پارتی سەربەستیی کوردستان لە هزری من واتە براتان **عارف باوەجانی** سەرهەڵبدا. ڕۆژانە بیرم لە دروستکردنی پارتێکی بەو شێوە پێویست بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکردەوە، تا وای لێهات کە لە پاش ٢ساڵ بەسەر ئەو هزرو بیرکردنەوەدا هەستم کرد کە ڕۆژانە لەگەڵ دروستبوونی ئەو پێویستییە نزیک دەبینەوە، بەڵام لە ماوەی نێوان ئەو ٢ساڵە بەردەوام کارم لە سەر کۆکردنەوەی کەسانی نەتەوەیی وهابیری ئەو پرۆژە دەکردەوە. لە هەوڵدان بۆ ماوەی دووساڵ دیتمان گۆڕانکاری یەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ ڕاوەستان شەپۆل دەدەن. ئیمەش وەک بینەری ڕۆژانە دەمانبینی و دەمان بیست کە لەم چەند ساڵەی ئاخردا بە دەیان ئاڵ وگۆڕی سیاسی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهات، کە بەشێك لەو گۆڕانکارییانەش ڕاستەو خۆ وناڕاستەوخۆ پێوەندیان بە کوردەوە هەبووە.

لە پاش چەندین کۆبوونەوە لە وڵاتانی سوید ونۆرویژ وهەروەها چەندین کۆبوونەوەی ئینتەرنێتی لەنێوان هاوبیرانی ئەو هزرە لەناوخۆ ودەرەوەی وڵات، لە ٢ی بەفرانباری ٢٧٠٥ ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٥/١٢/٢٣ کۆمیتەی پێکهێنەری پارتی سەربەستیی کوردستان لە خۆم و ٤ هاوبیری دیکە لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، کە ئەو کۆمیتە

بەردەوام لە هەوڵی ئاگادارکردنەوەی کەسانی دیکەدا بووین.
بەخۆشییەوە لە ماوەی ٢ساڵ هەوڵی بەردەوامان وهەروەها ٣مانگ هەوڵی کۆمیتەی ئامادەکار، توانرا بەدەیان کەسایەتی لێهاتوو نیشتمان پەروەر لەدەوری ئەو هزرە نەتەوەییە کۆبوونەوە وپشتیوانی وئامادەیان پێشاندا.
سەرئەنجام لە٢٨ی ڕێبەندانی٢٧٠٥ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٦/٢/١٧ی زایینی، لە بەیاننامەیەکدا دەستبەکاربوون و لە دایکبوونی پارتی سەربەستیی کوردستان بە خەڵکی کوردستان وجیهان ڕاگەیاندرا.

وێرای ئەوەی کە ئامانج ومەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی ئەم پارتە خزمەتکردن بوو بە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی ودروستبوونی باوەری تاکی کورد بە کوردستانێکی ئازاد وسەربەخۆ، هاوکات مەبەستی دیکەی دامەزراندنی پسک بۆ هێندێک نۆێکاری لەناوجوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهە لاتی کوردستان و کێشەی دیکەی ئەمڕۆیی لە کوردستاندا دامەزراوە.
نایشارینەوە لە ماوەی ئەو٧ساڵەدا زۆرجار هەوڵدراوە لە هەیکەڵ و خۆشەویستی ئەم پارتە نەتەوەیی بدرێت، بە دەیان پلان و پروپاگەندە و دڵساردکردنەوە بۆ ئەندامانی پسک دروستکراوە. بەڵام خۆشبەختانە و هۆشیارانە پارتەکەمان لەوەش رزگاری بووە. بێگومان بۆ داهاتوویش بە هۆی گەورەبوون و بە هێزبوونی ئەم پارتە نەتەوەیی پلانەکان زیاتر دەبن، و خۆراگریش لە جاران زیاتر دەبێت.

بەخۆشیەوە لە یەکەم حەفتەی دامەزراندنییەوە تا ئەمرۆ کەلە کۆنگرەی دوووەمداین، بەردەوام هاوبیرانمان لە ناوخۆ ودەرەوە پەرەدەستینن، بە تایبەت ئەویندااران وکەسانی چالاک لەسەربیروباوەڕی سەربەخۆخوازی.
وابەخۆشییەوە دەبینین کەهاوبیرانی نەتەوەیی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە و کارکردنی بێڕاوەستان لەسەر بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی لەڕۆژهەلاتی کوردستان، لە دەوری پسک وەک وەسیلەی گەیشتن بە ئاواتەکانیان

کۆدەبنەوە.بە واتایەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین کەپارتی سەربەستیی کوردستان پارتی لاوان و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆیخوازی کوردستانە.

وەک پرینسیپی نەتەوەیی، "پارتی سەربەستیی کوردستان نێشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانییەوە بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردیش بەیەک نەتەوە دەناسێ، ئەو سنوورانەش کەخراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردوە، بە دەستکردی داگیرکەرو سنووری زۆر ملییان دەزانێ ودانیان پێدا نانێت، بەڵام لەم هەل ومەرجە حەساس وناسکەدا پسک بە پێێ چەند هەڵسەنگاندنێکی سیاسی وستراتیژی ڕۆژ لە ناوچەکەدا، خەبات وتێکۆشانی ئیستای تایبەت دەکات بۆ بەشی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کوردستانی بندەستی ڕێژیمی ئێران. پارتی سەربەستیی کوردستان، خۆی بە پارتی هەموو دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت، هەوڵدەدا بۆ بە جێگەیاندنی مافەکانیان بە پێێ جاڕنامەی مافی مرۆڤ. بێجگە لە گەلی کورد هیندێک کەمینەش لە کوردستان دەژین کە لە پرۆژە و سیاسەتی پارتی سەربەستیی کوردستاندا ئەو کەمە نەتەوانەی کوردستان بە هاوڵاتی کوردستانی دەناسرێن، مافی هەرکەمینەیەکی دانیشتووی خاکی کوردستان وەک هاوڵاتییەکی کوردستان چاوی لێدەکرێت ودەپارێزێت.
پارتی سەربەستیی کوردستان، بە گۆێرەی توانا لە تێکۆشانی هەموو بەشەکانی داگیرکراوی کوردستان پشتیوانی دەکات، لەو پێوەندییەدا پارتی سەربەستیی کوردستان پێی وایە کە هەمو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان هەل ومەرجی تایبەتی سیاسی و ستراتیژی بەخۆیان هەیە، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە یەکدەنگ و یەک مەرام خەبات ناکەن. لە ڕوانگەی ئێمەوە پێویستە هەربەشێکی داگیرکراوی کوردستان بە پێێ تواناکانی دریژە بە تێکۆشان بۆ ڕزگاری خاکی داگیرکراومان خەبات بکەن، وسەربەخۆیی بکەن بە لووتکەی سەرەکی و ستراتیژیان. ئێمە

پێمان وایە دەبیت لە پاش ڕزگاری گشت بەشەکانی کوردستانەوە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا یەک کوردستان هەبێت یا ٤دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە شێوەی کۆنفیدراڵی لە ژێر چەتری فیدراسۆێنی کوردستانی گەورەدا یارێکخراوی ویلایەتەیەکگرتووەکانی کوردستاندا یەکبگرنەوە و پێکەوەبن. بۆ ئەوەی کوردیش بتوانێ خاوەنی ٤دەنگ و ٤ لەشکری بە هێز بێت لە ناوچەکەدا.یا بە واتایەکی دیکە لە باتی ئەوەی باس لە یەک کوردستان بکرێت، با باس لە بوونی چوار کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناڤین بکرێت. کە زۆر نەتەوەهەن لەناوچەکە خاوەنی چەندین ولاتن.

**بەرنامەی خەباتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ ئەم سەردەمەی کە لە قۆناغی ڕزگاریداین.**

قۆناخەکانی خەبات جیاوازیان تێدایە، بۆ سەردەمانێک لە دەرەوەی نیشتمانین نەخوازرا و ناچارین بە شێوەی دیکە خەبات بکەین. پارتی سەربەستیی کوردستان لە هەلومەرجی ئیستای خەباتدا لە هەموو دەستکەوتێکی نەتەوەیی، کۆمەلایەتی وفەرهەنگی نەتەوەکەمان لە هەر بەشێکی کوردستان کە بەدەستی بێنێ پشتیوانی دەکات. هەرهەنگاوێکی ئەوتۆ بە پلەیەک دەزانێ بۆ بردنە پێشێ خەبات بەرەو بە دەستهێنانی مافی سەربەخۆیی. بەلام پارتی سەربەستیی کوردستان وێرای پشتیوانی لە هەرچەشنە سەرکەوتنێکیش لە ڕۆژهە لاتی کوردستان، واز لەچالاکی وتێکۆشانی سەربەخۆیخوازی خۆی ناهێنێ، بەردەوام خەبات دەکات بۆ ئەوەی ئەو بیرە بتوانێ وەک ئایدولۆژیایەکی ڕێشە داکوتاو لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتی کوردستان بچەقێندرێت ودەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆداواکاری سەربەخۆیی بە دەستبێنێ .

**پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست کوردستان و جیهان :** ئەم پارتە لە ماوەی تەمەنی ٧ ساڵیداو لە بەڕێوەبردنی ٢ کۆنگرەیدا، بە خۆشییەوە توانیوێتی وەک پارتێکی نەتەوەیی و شۆرشگێر وسەربەخۆخواز بچێتە نێو

دڵی خەڵکی کوردستان، و بۆ هەموو پارت ولایەنێکی سیاسی ومەدەنی کوردستانی بناسریت. هەربەشی زۆری پەیامە گەیشتووەکان بۆ کۆنگرەکەمان، لە لایەن پارت و لایەن و کەسایەتییە بەڕێزەکانی کوردستان، باشترین بەڵگەی پێشکەوتنی ئەم پارتەن لە ماوەیەکی کەمی تەمەنی و لەهەلومەرجی کەم ئیمکاناتی دارای و ڕاگەیاندنیدا.

**پارتی سەربەستیی کوردستان لە ئاست جیهاندا:** پارتی سەربەستیی کوردستان، بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەردەوام لە پەیداکردنی پشتیوانی نێونەتەوەیی بووە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان. سەردانەکانی سەرۆکایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ وڵاتانی ئوروپایی وئەمریکایی و ئەفریقایی ئەمانە بەڵگەی لێهاتوویی کادیرانی پێشکەوتووی بوارە سیاسی و دیپلوماتیەکانی پارتی سەربەستیی کوردستانن.

کە لە مێژووی ئەم ٧ ساڵەدا چەندین چالاکی گرنگی دیپلوماتی پر دەستکەوت ئەنجامدراون، کە ژمارەیان زۆرە و بەڵام لەم ڕاپۆرتەدا ئەماژە بە بەشداری سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان دەکەین، لە کۆنگرەی ڕێکخراوی لیبراڵ ئینتەرناشیونالی جیهانی، کە لە ئابیدجانی پایتەختی وڵاتی ساحیلولعاجی باشوری ئەفریقادا بەڕێوە چوو. کە پارتی سەربەستیی کوردستان وەک تاکە پارتێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو کۆنگرە گرنگە بانگهێشتکرابوو. شایانی باسە لەو کۆنگرەدا سەرۆکی پسک توانی چاوی بە ٤ سەرۆک وڵات و دەیان وەزیر و دەیان ڕێکخراوی گرنگی جیهانی بکەوێت. لەو کۆنگرەدا دۆزی کوردی رۆژهەڵات کە بۆ زۆر بەشدار بابەتێکی نۆی بوو، جێگەی خۆی گرت. ئاکامی ئەو بەشدارییەش ئیستا لە جاران زیاتر پێوەندییەکانی بە هێز کردوە. ئەو دۆست و لایەنانە بەردەوام لە پێوەندیدان لەگەڵ پارتی سەرەستیی کوردستان.

**پسک لە ئاست نەتەوەکانی بندەست لە ئێران:** پارتی سەربەستیی

کوردستان، وەک پارتێکی سەربەخۆخواز هەر لە سەرەتایی دروستبوونیەوە توانی خۆی لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوەکانی بندەستی ئێران ، وەک نەتەوەیی عەرەب، بەلوچ، تورکمەن، ئازەری. لەگەڵ دەیان پارت ولایەنی ئەو نەتەوانە. چەندین کۆنفرانسی هاوبەشمان پێکهێناوە، لە دەوری ڕێکخراوی پێکەوەکارکردن نەخشی کاریگەرمان هەبووە. بە دەیانجار شانبەشانی ئەوان لە گەڵ ڕاگەیاندنە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی دیمانەمان هەبووە. هەروەها دیدارمان لەگەڵ پەرلەمانتارو ڕێکخراوەکانی جیهانیدا هەبووە.

شانازی نەتەوەیی بوون و سوور بوون لە سەر خەباتی سەربەخۆیی.

**شەهیدانی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

لە ١٤ی ئاپریلی ٢٠١٢ هاورێی بەڕێزمان کاک فەرهاد جەهانگیری جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان، لە شاری لینشۆپینگی وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد. هەروەها لە ٢٠١٢/١٠/٢٩ بەڕێز حەسەنی وەیسی ناسراو بە حەسەنی مامەنوورە ئەندامی پ س ک کۆچی دوایی کرد. تا بەستنی کۆنگرەی دووەم پارتەکەمان خاوەنی ئەو شەهیدەیە. ڕێز لێنان لە بنەماڵەی ئەو ٢شەهید یەکێکە لە ئەرکەکانی کۆنگرەکەمان. بۆ دوا رۆژیش پارتیمان پێویستە بەردەوام لە خەمی بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای نەتەوەیی بێت.

**کۆنگرەی دووەم و مەبەستە گرنگەکانی**

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی دووەمی پارتەکەمان، ئەندامان و هاوبیران و لاینگرانی ئازیزمان. خەلکی بەشەرف و ماندوونەناسی کوردستان.

بێگومان هەموو پارت و ڕێکخراوێک بۆ خۆ نوێکردنەوەو پێداچوونەوەو بەرنامە ڕیزی کارەکانیان، سالانە یا جەند سالٚ جارێک کۆنگرەی خۆیان دەبەستن. پارتی ئێمەش بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی چەند مەبەستێکی سەرەکی هەیە.

خالٚی یەکەم بۆ بە هێزکردن وچالاککردنی خەباتی نەتەوەیی و

یەکخستنی سەربەخۆخوازانە لە کوردستاندا.

خاڵی دووەم: هێنانەوەی سەرکردایەتی لە تاراوگە بۆ کوردستان. پارتی سەربەستیی کوردستان لە ساڵانی سەرەتاییەوە کۆرو کۆبوونەوەکانی لە دەرەوەی وڵات دەبەست، و هاوبیرانی ناوخۆ و باشوری کوردستانیش لە ڕێگەی ئینتەرنێت دەیانتوانی لە کۆبوونەوەکان بەشداری بکەن. بەڵام دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەم لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نۆرویژ. لە هەوڵی گواستنەوەی چالاکیەکانی بۆ سەرخاکی کوردستان بوو. دوای ماوەیەک توانرا پێوەندییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان و کۆمیتەکان، لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە. هەر لەو پێوەندییەشدا بریاردرا کە کۆنگرەی دووەم، بکرێت کۆنگرەی گوازتنەوەی چالاکیەکانی پارتەکەمان بۆ نێۆ خاکی کوردستان.

**تی بی نی ١٠٠% بەشدارانی کۆنگرە لە کاتی تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکە لە سەر ئەو خاڵانەی کۆنگرە هاوڕابوون**

## پێوەندییە کوردستانیەکان.

پارتی سەربەستیی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدابووە کە پێوەندییەکی سالم و پاکی لەگەڵ گشت لایەنە نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستاندا هەبێت. بەردەوامیش بۆ ئەم ئەرکە نەتەوەییە کار دەکات. بەخۆشیەوە تا ڕادەیەکی باشیش لەو ئەرکەمان سەرکەوتوو بووین. هەرچەند لایەنگەلی واهەیە بەگەرمی پێشوازی لە هەوڵەکانی ئێمە ناکەن، بەڵام ئێمە درێژە بە کاری خۆمان دەدەین.

## پەیامی کۆنگرە بۆ خەڵکی کوردستا:

پەیام بۆ کرماشان وئیلام ولوڕستان وئورمی وسنە و موکریان وهەورامان بە گشت ناوچەکانیانەوە، هەموو کوردە دوورخراوەکانی خۆراسان و قەزوێن و تاران و شارەکانی دیکەی ئێران.
خەڵکی خاک و زێد داگیرکراو، خەڵکی بە زۆر ڕاگوێزراو. خەڵکی بە شوێن ژیانی ئابوری گەراو. ناوچەکانی کرماشان، ئیلام، لوڕستان، ورمێ، سنە، موکریان و

هەورامان.
پارتی سەربەستیی کوردستان پارتی هەموو چین و توێژێکی دانیشتووی کوردستانە.
لەهەر کێشەو ڕووداوێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی خۆی بە هاوبەشی
ئێوەی بە شەرەفی کوردستانی دەزانێت.
وەک پارتی سەربەستیی کوردستان داوا لە گشت ئێوەی خۆراگر دەکەین، کە
پشتیوانی پرۆسەی ڕزگاریخوازی وسەربەخۆییخوازی پارتی سەربەستی بکەن،
بۆسەرەوەری هەمیشەییمان.
ئێمە بەڵێنتان لەگەڵ نوێدەکەینەوە کە دڵسۆزانە و سادقانە تا رزگاری خاکە
داگیرکراوەکەی ئێوەوبە گشت شارو شاروچکە وگوندو ناوچەیەکەوە درێژە بە
خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازی خۆمان بدەین. خۆمان بە خەمخۆرو دڵسۆزی
ئێوەی ولاتداگیرکراو بزانین، بەردەوام لە خەبات و هەوڵداندا دەبین بۆ
سەربەخۆکردنی کوردستتان، کە کوردستانێکی ئازادو دیمۆکرات ولیبراڵ بێت و گشت
ئێوەی بەریز لە سایەیدا بحەسێنەوە. بەم بۆنە پیرۆزەوە، پیرۆزبایی دووەمین
کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستان لە خۆمان وسەرجەم ئێوەی تامەزرۆی
ئازادی و سەربەخۆیی دەکەین. هیوادارین کە کۆنگرەی سێیەمی پارتیمان لە
سەرخاکی رۆژهەلاتی کوردستانی ئازادکراودا و بە بەشداری زۆربەی نوێنەرانی
شارو ناچەکانی کرماشان و ئیلام ولوڕستان و ورمێ وسنە و موکریان و هەورامان و
ناوچەکانی دیکەی کوردستان بگرین.

بۆ پێشەوە بەرەو چەندین بڕیاری گرنگی کۆنگرەی دووەمی پاڕتی سەربەستیی
کوردستان!.

هەر شەکاوە بێت خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دەرکردنی داگیرکەر لەسەر
خاکی کوردستان.

براو هاوبیرتان عارف باوە جانی .

٢٥ی ڕێبەندانی ٢٧١٢ی کوردی. / ٢٠١٣/٢/١٤ ی زایینی.

www.psk2006.org